# منالآنی بەندکراو لە ترسی ئەشکەنجەدان، دان بەتاواندا ئەنێن.!!

عەقید کامەران: سزادانی ئەو بەندکراوانە، زیاتر لە بنکەکانی تر روو دەدەن..!

**ئارەزوو نوری**

نەوجەوانان، ئەو بنکەیەی تەنها بەندکراوانی خوار 18 سالآنی بۆ دەبەنو بەردەوام منداڵ لەتەمەن9 ساڵەوە بۆ 18 ساڵ بە نەوجەوان دادەنرێتو بەپێی ئاماری ساڵی 2006، (83) منداڵ لەکەرکوکدا دەستگیر کراون.



لەو "83"یە (10)کەس لەسەر کوشتن گیراونو تا ئێستا (6)یان دادگایی کراون، (24) کەس لەسەر دزیو تا ئێستا (5)یان دادگاییکراون، رفاندن(3)کەس، (حجز)– دەستبەسەر(7)کەس، رووداوی هاتوچۆ–حادثة مرورية(3)کەس، (تشرد)واتە بێ دالدەیی (3)کەس، (مخالفات)سەرپێچی (6)کەس، گومانلێکردن–اشتباه(10)کەس، هەرەشەو شەڕکردن(4)کەس، لەسەر تاوانەکانی تریش بەگشتی (13)کەسو زۆرینەی ئەوانەی دەستگیر دەکرێن بێ تاوان دەرئەچن.

رەسول محەمەدی 11 ساڵان دایکی نەماوەو باوەژن دەریکردووە، ماوەی مانگێکە نێردراوە بۆ نەوجەوانانو باوکی یەك جار سەردانی کردووە. !رەسول هیچ تاوانێکی نەکردووە بەڵام لەبەر بێ شوێنیو کەوتن لەسەر شەقام بردرابوو بۆ نەوجەوانان، رەسول لەبەر خەراپی باوەژنی حەزناکات بگەرێتەوە بۆ ماڵەوەو باوکیشی زۆر هەوڵ نادات بۆ گەڕانەوەی، بۆیە بەڕێوەبەری نەوجەوانان بڕیاریداوە بینێرێت بۆ رێکخراوێکی خێرخواز یا داکۆکیکەر لەمافی منداڵان.



هەروەها بەندکراوەکان دوو ژووریان بۆ تەرخان کرابوو، ئەویش لەبەر کەمی ڕێژەیان بەبەردەوامی، "چەندێ ڕێژەشیان زۆربێ لەو دوو ژوورە تێناپەڕێت"عەقید کامەران بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوجەوانان وایووت، ووتیشی "زۆرجاریش بەپێی تەمەن جیایان ئەکەینەوە".

ح. م.ق–تەمەن 15 ساڵیش کە دایكو باوکی لێکجیابوونەتەوەو باوکی لە بەسرەیەو دایکیشی لەبەغدا دەژی، حەیدەر بەقسەی خۆی دەیووت لەبەسرەوە ڕفێندراوم، هەروەها ووتیشی لە بنکەی پۆلیس زۆریان لێمدا بە سۆندەو کێبڵ ووتیشی لێکۆڵیارەکان ئەڵێن دەبێ باوکت بێ ئینجا بەردەبیت لەکاتێکدا هەموو جار پەیوەندی پێوە ئەکەم بەڵام گوێی پێ ناداتو نایەت، هەر بۆ ئەم مەبەستە عەقید کامەران ووتی"ئەم کوڕەو کۆمەڵێ گەنجمان پێکەوە دەستگیر کرد کە خەریکی (هەتیوبازی بوون)"، حەیدەر ئەوەشی ڕوون کردەوە گەر بەربوو بچێتە لای دایکیو لەگەڵ ئەودا بژێت.



زیاتریش ئەو بەندکراوانەی لە نەوجەوان بوون لەسەر دزی دەستگیرکرابوون، هەروەها وەك ئەوەی ئاماژەیان پێدا کە لەو بنکەیە هیچ کات سزا نەدراون لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەڵکو پێش ئەوەی بیانهێنن بۆ نەوجەوانان:"کاتێ لەلایەن بنکەی پۆلیس دەستگیر کرامو ماوەیەکی زۆر لەوێ هێشتمیانەوە..لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا زۆر بەتوندی سزایان دەدامو منیش لەتاو گیانی خۆم دانم بەو تاوانە ناوە ! ! " ئەمە گلەیی زیاترین بەندکراوی ئەو زیندانیە بوو کە ئەیانگێڕایەوە هەروەها ووتیشیان لێرە کاتێ لەنێوان خۆمان شەڕێك یان شتێك بکرێت بەدڵیان نەبێت هەردوو پێمان هەڵەواسنو لێمان ئەدەن، بۆیە عەقید کامەران بۆ ئەم مەبەستانە ڕوونیکردەوەو ووتی:"ئێمە کاری وامان ئەنجام نەداوە تا ئێستا بەو جۆرە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، پێویستی نەکردووە لای ئێمە، ئەم بابەتە زیاتر بنکەکانی تر ئەگرێتەوە نەك ئەم بنکەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێ ئەوراقمان بۆدێ ئەوراقەکان بە تەواوەتی هاتووە، (احالەی ئەوراقەکەیە)، زۆرجار تەدوینی ئەقوالی قەزائیش کراوە" هەروەها بۆ هەڵواسینی ئەو منداڵانەش ووتی"نەخێر، شتی وانیە لای ئێمە، بەڵکو تەنها (عقوباتی عەسکەری)یان ئەدەینو ئەگەریش بزانین کارێکی زۆر زۆر ناڕەوایان کردووەو لەحەد بەدەر بووە، یا بێ ئەدەبیەکیان کردووە چ بەرامبەر بەدەرەوە یا بەرامبەر بە یەکتری، ئەوە بێگومان (سزا ئەدرێن)و سزاکەش تەنها تەمێکردنەو بۆ ئەوەیە خۆیان ڕاستەوەکەنو جارێکی دی ئەو کارە ئەنجام نەدەن!".

"تا یەکی سەرەتاییم خوێندووە لەبەر کاری (حەمباڵی)"ئەسعەد عەبدولڕەحمانی 15 ساڵان کاتێ باوکی مردووە وازی لە خوێندن هێناوەو دەستی کردووە بەکارکردن بۆ ماڵەوە، ئەسعەد ئەمە یەکەم جاری بوو سجن بکرێتو ئەویش تاوانی دزی خرابووە پاڵی کە لەدواتردا دەرکەوتبوو ئەو نەیبردووەو بێ تاوان دەرچووە.

زیائ ئەحمەدی 16 ساڵیش بەهەمان شێوە لەسەر دزی، زیائ چووە شکات لەکۆمەڵێ دز بکاتو ئەو دزانەش ناوی ئەویان داوە گوایە لەگەڵیانەو لە بنکەی پۆلیسی تازە دەستگیرکراوەو زۆر بەتوندی سزایان داوە، لەتاو ئازار تاوانەکەی خستووەتە پاڵ خۆیو ناوی "ملازم تارق"یشی هێنا کە ئەو زۆر بەتوندی سزای داوە،هەروەها زیائ ماوەی (7)مانگی بوو لەو زیندانەداو ووتی پێم ئەڵێن کە ئازاد ئەکرێم ئیتر نازانم.

"لای ئێمە لێکۆڵینەوە بەدوو جۆر ئەکرێت، لێکۆڵینەوەی سەرەتاییو قەزائیش، گەر هەر ماددەیەك بێت لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەمەرکەزدا ئەکرێتو لێکۆڵینەوەی دووەم لەدادگا، ئەگەر لێرەدا دانی پێدا نابێو لەوێش بەهەمان شێوە، ئەوە پێی ئەڵێن تۆ دووجار دانت بە تاوانەکەت ناوەو ئینکار کردن لێی مەحاڵەو ئەگەریش بڵێ لەمەرکەز لەژێر فشار بوومەو لەبەر ئەوە دانم بەو تاوانە ناوە، چونکە زۆربەی کات ئەو تاوانبارانە درۆ ئەکەن(کە ئەکرێنە ژوورەوە فێریان ئەکەن ئینکاری لێبکەن)و بڵێن لەژێر فشاردابووینە لە لێکۆڵینەوەی قەزائی".

جاسم محەمەدی 17 ساڵ، ماوەی 52 ڕۆژی بوو لەزینداناو دڵنیا بوو کە ئازاد دەکرێت"لەبەر ئەوەی بێ تاوانم" جاسم لەسەر تاوانی تیرۆر گیرابوو"گومانلێکراوبوو" ماڵیان لە قەزای "شرگات"ی سەر بە سەلاحەدین بوو، ئەو دەیووت شەو بوو خاڵۆم برد بۆ نەخۆشخانە لەگەڕانەوەداو لەسێیەم سەیتەرە گرتمیانو دوای من بە نۆ ڕۆژ (11)کەسیان گرت لەگەڕەکەکەماندا لەسەر هەمان تاوان.

"لەسەر تاوانی تیرۆر، کەم منداڵ بەرەو رووی ئێمە کراوە، هاتووە بەڵام بێ تاوان دەرچوونە یاخود تەنها گومانلێکراو بووە، گەر زیاتر روونی بکەینەوە تەمەنی نەوجەوان کەمتر هەڵئەسێ بە ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر، بەڵام منداڵ زۆربەی کات تاوانەکانی تری ئەنجام داوە، یا بەشداری کردووە لەکوشتن ئیتر خۆی کارەکەی ئەنجامدابێت یا هاوکاری خەڵکی گەورەی کردووە یا هەڵسان بە ئەنجامدانی کوشتن واتە(شروع بالقتل)و ئەوانەی تووشی هاتوونە زۆریان خەڵکی گەورەیان لەگەڵدابووە"جگە لەوانەش لەسەر دزیو جەردەو بەدڕەوشتیو شەڕو هەڕەشەو هتد..کە لەسەری دەستگیر دەکرێن، ئەمە روونکردنەوەی عەقید کامەران بوو سەبارەت بە بەندکراوانی نەوجەوانان.

بۆ پرسیارێك کە ئاخۆ ئەو بەندکراوانەی ئازاد ئەکرێن هیچ کام لەوانە دووبارە دەستگیر کراونەتەوە بەهەمان تاوان یا هەر تاوانێکی تر؟ عەقید کامەران ووتی"بێگومان، ئێستا دوو نموونەی زیندوومان لەبەر دەستە کە لەسەر دزی گیرابوو ئازاد کرا، بەڵام ئێستا دووبارە دەستگیر کراوەتەوەو هەروەها بەندکراوی دیکەشمان هەیە بەهەمان شێوە"، ووتیشی "ئێمە رەنگە بگەینە سەر ئەوەی بۆچی دووبارە تووشی ئەو حاڵەتە بووەتەوە، بەڵام ئایا دادوەر تاچەند باوەڕ بەئێمە ئەکات؟ئێمە ناتوانین رێ بەدادگا نیشاندەینو دوا بڕیاریش لای دادوەر خۆیەتی،لەسەر ماددەی 443 کە دزیە کۆمەڵێ شت هەبوو کە دادوەر نەگەیشتە قەناعەت کە پێویستی بە ئیدانەبکات، بە پێویستی نەزانی دادوەر، تاوانەکە زانراوە تا رادەیەك کە ئەنجامیدابێت بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەجێنەهێشتووە تا ئیسپات بێت بەسەریا تا دادگا بگاتە ئەو باوەڕەی ئیدانەی بکات کەچی ئەمجارەشیان لەسەر هەمان تاوان دەستگیرکرایەوە"،هەروەها ئەوەشی روونکردەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا کێشەیان بۆ دروست ئەبێت"جار وایە کەسێك دەستگیر دەکرێت لەسەر تاوانی دزی، دزیەکەی کردووە بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەدەس نەداوە، دانیشی پێدا نانێ، لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا ئازاردانی منداڵ بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە بۆ ئەوەی وا لەو منداڵە بکەین دان بەتاوانەکەی بنێت، دەبێ لێکۆڵیار زیرەکی خۆی بەکار بهێنێ تا بگات بەئەنجامێك لەکێشەکەدا".

بۆ ئەوەی بزانین ئایا چ رێو شوێنێك گیراوەتەبەر بۆ گێڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ ناو کۆمەڵ؟ عەقید کامەران ووتی"زیاتر لای ئێمە ئامۆژگاریەکانی خۆمانە، وایادەنێین کە ئەمە گرتوخانە نیە زۆرجار، بۆنمونە ئەو پاسەوانانەی کە سەرپەرشتیان ئەکەن لەناو گرتوخانەکە چ پلەکانیان موفەوەز بێت یا ئەفسەر دەبێ بە جلی مەدەنیەوە دەوام بکەن بۆ ئەوەی ئەو منداڵە هەست نەکات کە لەناو پۆلیسو پۆلیسخانەیەکدا گیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی نان خواردنیان لەدەرەوەی ژووری سجنەکەدایەو ژوورێکی تایبەتیان هەیەو مێزو کورسی دانراوە کە ئەویش رێکخراوی منداڵپارێز بۆیانی دابین کردووەو زۆربەی پیداویستیەکانی تریشیان ئەو رێکخراوە دابینی ئەکات".

منداڵێك کە تازە سەرەتای ژیانی بێتو هێشتا لەمانای ژیانو زوڵمەکانی رۆژگار تێنەگەیشتبێت، لە خۆشەویستی دایكو باوكو کەسو کاری دوربکەوێتەوەو بکرێتە زیندانو بۆ تاهەتایە ئەو زیندانیە بەنێو چەوانی وەك پەڵەیەك بمێنێ! دەبێ پاشەڕۆژو چارەنووسی ئەم منداڵە چیبێت؟ بۆیە بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوجەوانان تاوانی ئەم منداڵانەی خستە ئەستۆی دایكو باوكیانو ووتی:"من بۆ خۆم وا ماوەی ساڵو مانگێکە بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوجەوانانمو لەنزیکەوە کار لەسەر نەوجەوان ئەکەم، بۆم دەرکەوت کە زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی تاوانبار ئەکرێنو دێنە ئەم بنکەیە بۆ لێکۆڵینەوە، خەتای تاوانەکانیان بۆ دایكو باوکیان ئەگەڕێتەوە، باوك بە پلە یەكو دواتر دایك، چونکە باوك بەرپرسیاری یەکەمە لەڕووی پەردەوەردەکردنەوە" عەقید کامەران پێی وابوو ئەوانەی زۆر جار تووشی تاوانێك ئەبن باوکیان نەماوەو دایکیان ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر مناڵەکانیو بەتایبەتی نێرینە ووتیشی "دەگمەنە دایکان بتوانن منداڵەکانیان رێکبخەن ئەگەر کەسێکی دیکە هاوکاریان نەکات وەك مام،خاڵ..هتد" جاریش وایە باوکیان هەیەو ئەویش نەیتوانیوە زاڵ بێو ناتوانێ چاودێری تەواوی منداڵەکانی بکات "یاخود باوکەکە خۆی رابردووی باش نەبووە لەو بوارەی کە منداڵەکە گرتوویەتیە بەر"،ئەمانە هەمووی هۆکارنو "چەندێ منداڵ تاوانبار بکەم، دوو ئەوەنە ئەو شوێنەی کە تیای پەروەردە ئەکرێت"،ووتیشی پێویستە ماڵەوەیان ئاگاداری مامەڵەو هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بنو بەردەوام چاودێریان بکەنو بزانن لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت دەکەنو پشت گوێیان نەخەن، چونکە هەرچییەك بەسەر ئەو منداڵانە بێت بەرپرسی یەکەم ئەوانن.

"تا ئێسا نازانم چارەنووسم چی ئەبێو چیم بەسەردێت، لێرە بەردەوام پێم ئەڵێن تۆ دادگایی ئەکرێی..!"ئیمرۆ محەمەدی 17 ساڵان، باوکی نەماوەو دایکی زۆر بەتەمەنەو ناتوانێ سەردانی بکات، ماوەی مانگێك بوو ئیمرۆ لە زینداندابوو بەتاوانی دزی گیرابوو"کاتێ بۆ ماڵی خاڵۆم دەچووم لەرێگادا پۆلیسەکانی رەحیماوا گرتمیانو ووتیان تۆ موبەریدەت دزیوە لەکاتێکدا نەك هیچم نەدزیبوو بەڵکو هیچ بەڵگەیەکیشیان پێ نەبوو بۆ ئەوەی بمگرن"کاتێ پۆلیسەکان ئیمرۆیان گرتبوو زۆر سزایان دابوو بۆیە لەتاو گیانی خۆی دانی بەو تاوانە نابوو.